# ڕەوشتی باوەڕداران " پیاوان وئافرەتان "

# أخلاق المؤمنين والمؤمنات

< کوردی - كردي - kurdish >

شێخ عبدالعزیز بن عبداللە بن باز

الشيخ عبدالعزيز بن عبدالله بن باز

وەرگێڕانی: کاروان ڕەشید محی الدین
پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عزیز

الترجمة: كاروان رشيد محي الدين

المراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# ڕەوشتی باوەڕداران " پیاوان وئافرەتان "

الحمد لله رب العالمين. والعاقبة للمتقين. والصلاة والسلام على عبده ورسوله وصفوته من خلقه وأمينه على وحيه نبينا وإمامنا وسيدنا محمد بن عبدالله بن عبدالمطلب الهاشمي العربي المكي ثم المدني. وعلى آله وأصحابه ومن سلك سبيله واهتدى بهداه إلى يوم الدين...

خوای پەروەردگار پێغەمبەری ﷺ بەهیدایەت و ئاینێکی ڕاست و دروستەوە ڕەوانە کرد، ئەگەریش بمانەوێت هیدایەت بناسێنین، ئەوا دەڵێین: بریتییە لە هەواڵێکی ڕاست و زانستێکی سودبەخش، هەرچی ئاینی ڕاست و دروستە: بریتییە لەو شەریعەت و یاساو ئەحکامانەی پێغەمبەری خوا ﷺ هێناویەتی، وەك خوا دەفەرموویت: ﴿ هُوَ ٱلَّذِيٓ أَرۡسَلَ رَسُولَهُۥ بِٱلۡهُدَىٰ وَدِينِ ٱلۡحَقِّ لِيُظۡهِرَهُۥ عَلَى ٱلدِّينِ كُلِّهِۦ وَلَوۡ كَرِهَ ٱلۡمُشۡرِكُونَ ﴾ [التوبة: ٣٣]. واتە:{خوا زاتێکە پێغەمبەرەکەی ناردووە بەڕێنمونی و ئاینی ڕاست، بۆ ئەوەی زاڵی بکات بەسەر هەموو ئاینەکاندا بەگشتی، هەرچەندە بت پەرەستانیش پێیان ناخۆش بێت}.

خوای گەورە پێغەمبەری ﷺ بۆ ڕێنمونی کردنی مرۆڤ و پەری و عەرەب و عەجەم و نێرو مێ ڕەوانە کردوە، پەروەردگار ئەوی ناردوە تا ببێتە ڕەحمەت بۆ هەموو جیهانیان و ببێتە پێشەوای موتەقیەکان، ئەوی ناردوە هەتا خەڵکی فێری ئاینەکەیان بکات و شارەزایان بکات و، هۆکارەکانی ڕزگاربونیان بۆ ڕوون بکاتەوەو، هۆشدارییان سەبارەت بەهۆکارەکانی تیاچون بداتێ، پەروەردگار پێغەمبەری ﷺ بەئاینی ئیسلامەوە ڕەوانە کردوە: ﴿ إِنَّ ٱلدِّينَ عِندَ ٱللَّهِ ٱلۡإِسۡلَٰمُۗ ﴾ [آل عمران: ١٩]. واتە: {بەڕاستی ئاینی پەسەندکراو لەلای پەروەردگار ئیسلامە}.

ئەوی ﷺ بەهیدایەت و ئاینێکی ڕاست و دروست و هەواڵی ڕاست و زانستی بەسودو یاسای ڕاست و ئەحکامی یەکسانەوە ڕەوانە کردوە، ناردویەتی کە خەڵکی بۆ هەموو چاکەیەك بانگ دەکات و لە ئەنجامدانی هەموو خراپەیەك ڕێگرییان لێ دەکات، پێغەمبەری خوا ﷺ خەڵك بانگ دەکات بۆ پەیوەست بون بە ڕەوشت و کردەوە جوانەکانەوە، بەپێچەوانەشەوە ڕێگرییان لێ دەکات لەوەی ڕەوشت و کردەوەی خراپ ئەنجام بدەن: ﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا كَآفَّةٗ لِّلنَّاسِ بَشِيرٗا وَنَذِيرٗا وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ ﴾ [سبأ: ٢٨]. واتە: {ئێمە تۆمان نەناردووە مەگەر بۆ هەموو ئادەمی موژدەدەرو ترسێنەر بیت، بەڵام زۆربەی ئادەمی نازانن}. هەروەها دەفەرمووێت: ﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا رَحۡمَةٗ لِّلۡعَٰلَمِينَ ﴾ [الأنبياء: ١٠٧]. واتە:{ئەی ( محمد ﷺ ) ئێمە تۆمان تەنها بۆ ئەوە ناردووە کە ڕەحمەت بیت بۆ جیهانیان}. لەشوێنێکی دیکەدا دەفەرمووێت: ﴿ قُلۡ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنِّي رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيۡكُمۡ جَمِيعًا ٱلَّذِي لَهُۥ مُلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ يُحۡيِۦ وَيُمِيتُۖ فَـَٔامِنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِ ٱلنَّبِيِّ ٱلۡأُمِّيِّ ٱلَّذِي يُؤۡمِنُ بِٱللَّهِ وَكَلِمَٰتِهِۦ وَٱتَّبِعُوهُ لَعَلَّكُمۡ تَهۡتَدُونَ ﴾ [الأعراف: ١٥٨].

واتە: {بڵێ ئەی خەڵکینە بەڕاستی من پێغەمبەری خوام بۆ ئێوە هەمووتان، ئەو"خوایەی" کە تەنها بۆ ئەوە موڵکایەتی هەموو ئاسمانەکان و زەوی، هیچ پەرەستراوێکی ڕاست نیە جگە لە ئەو، دەژێنێت و دەمرێنێت، کەواتە بڕوا بەخواو پێغەمبەرەکەی ﷺ بهێنن، کە ئەویش نێردراوێکی نەخوێندەوارەو ئەویش باوەڕی بەخواو بە ووتەکانی هەیە، ئێوەش شوێنی بکەون و پەیرەوی بکەن تا بکەونە سەر ڕێگای ڕاست}.

ئا ئەمەیە بارودۆخی ئەم ئاینە گەورەیەو ئەم پێغەمبەرە خۆشەویستە ﷺ، پەروەردگار ناردویەتی هەتا ببێتە ڕەحمەت بۆ گروهی مرۆڤایەتی، بۆ مرۆڤ و پەری و نێرو مێ و عەرەب و عەجەم و تەنانەت بۆ ئاژەڵانیش پەروەردگار ئەوی کردە ڕەحمەت؟ چونکە ئەو ئامۆژگاری کردوین بەوەی چاکەیان لەگەڵدا بکەین و ئازاریان نەدەین.

خوا ئەو ڕاستییەی ڕون کردوەتەوە بەوەی ئامانج لە دروستکردنی مرۆڤ و پەری پەرستنی خۆیەتی وەك دەفەرموویێت: ﴿ وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴾ [الذاريات: ٥٦]. واتە: {جنۆکەو ئادەمیزادم تەنها بۆ ئەوە دروست کردووە کە بەندایەتی من بکەن}.

ئەمەش بەواتای ئەوە دێت و دەفەرموویێت بەدڵسۆزییەوە بمپەرستن و تاك و تەنها ڕامبگرن و گوێ ڕایەڵی فەرمانەکانم ببن و لە قەدەغەکراوەکانیش دوور بکەونەوە، ئا ئەوەیە پەرستن و بەندایەتی، گوێ ڕایەڵ بون بۆ فەرمانەکانی و دەست بەرداربون لە قەدەغەکراوەکانی، دەبێت ئەمەش بەدڵسۆزییەوە ئەنجام بدرێت و دەبێت لە باوەڕبون بەخواو پێغەمبەرەوەو ﷺ هەروەها لە ڕەغبەت و"لەئومێدبون بەوەی لەلای خوایە لە بەهەشت و بەڵێنەکانی"، ترسەوە"ترسان لەوەی لەلای خوایە لە ئاگرو هەڕەشەکانی" سەرچاوەیان گرتبێت، هەروەها لە بەڕاست زانینی هەواڵەکانی خواو پێغەمبەرەوەو ﷺ وەستان لە سنورەکانی شەرعەوە سەرچاوەیان گرتبێت. چونکە خوای گەورە بۆ ئەوە فەرمانی داوەو دەفەرموویێت: ﴿ يَا أَيُّهَا النَّاسُ اعْبُدُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ وَالَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴾ [البقرة: ٢١]. واتە:{ئەی خەڵکینە پەروەردگارتان بپەرستن کە ئێوەو ئەوانەی پێش ئێوەیشی دروست کردووە، بەڵکو بەو پەرستنە خۆتان بپارێزن}. ئەمە فەرمانێکی گشتگیرەو بەبێ جیاوازی نێرو مێ، عەرەب و عەجەم و مرۆڤ و پەری دەگرێتەوە.

هەروەها پەروەردگار دەفەرموویێت: ﴿ وَاعْبُدُوا اللَّهَ وَلَا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا ﴾ [النساء: ٣٦]. واتە: {تەنها خوا بپەرستن و هیچ شتێك مەکەن بە هاوبەشی ..}. وە دەفەرموویێت: ﴿ وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا إِيَّاهُ ﴾ [الإسراء: ٢٣].واتە:{پەروەردگارت بڕیاری داوە کە هیچ شتێك نەپەرستن بێجگە لە ئەو .. }.

هەروەها: ﴿ وَأَنَّ هَٰذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ ۖ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِ ۚ ذَٰلِكُمْ وَصَّاكُم بِهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴾ [الأنعام: ١٥٣]. واتە: {"فەرمانی داوە" بێگومان ئەمە ڕێگای ڕاستی منە کە ڕاست و دروستە، کەواتە شوێنی بکەون، شوێنی ڕێچکەکانی تر مەکەون، چونکە دوورتان دەخەنەوەو لاتان دەدەن لە ڕێگەی خوا، خوا ئەو شتانەی بەئێوە ڕاسپاردووە بۆ ئەوەی پارێزکاربن}.
لەسورەتی "الفاتحة" شدا حەمدو سوپاس و ستایشی پەروەردگاری فێرکردون، بەوەی داوا لە خوای پەروەردگار بکەن ڕێنموییان بکات بۆ سەر ڕێگای ڕاست، کە ئەویش بریتییە لەو ئاینەی بە پێغەمبەرەکەیدا ﷺ بۆ ئێمەی ڕەوانە کردوە، ئەویش بریتییە لە ئیسلام و باوەڕو هیدایەت و چاکەو چاکەخوازی، خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿ بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ ① الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ ② الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ ③ مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ ④ إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ ﴾ [الفاتحة: ١- ٥].

واتە: {بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان. هەموو سوپاس و ستایشێك بۆ خوای پەروەردگاری جیهانیانە.ئەو خوایەی کە بەخشندەی میهرەبانە. خاوەنی ڕۆژی سزاو پاداشت دانەوەیە. "خوایە" تەنها تۆ دەپەرستین و تەنها داوای یارمەتی لە تۆش دەکەین}. بەشێوەیەکی گشتی هەموو سورەتەکە بریتیە لە سوپاس و ستایشی پەروەردگارو، بەندەکانیش ئاراستە دەکات بۆ داننان بەو ڕاستەقینەیەدا کە ئەو تاکە پەرستراوی بە هەقەو بە تواناشە بەسەر هەموو کاروبارەکاندا. پاش ئەوە پەروەردگار بەندەکانی فێردەکات کە بڵێن: ﴿ اهْدِنَا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ ﴾ [الفاتحة: ٦]. واتە: {ڕێنمونیمان بکە بۆ ڕێگای ڕاست.} دوای ئەوەی سوپاس و ستایشی پەروەردگار دەکەن، دان بەوەدا دەنێن کە ئەوان بەندەی پەروەردگارن و تەنها ئەویش توانای ئەوەی هەیەو، فێریان دەکات کە بڵێن: ﴿ اهْدِنَا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ ⑥ صِرَاطَ الَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلَا الضَّالِّينَ ﴾ [الفاتحة: ٦- ٧]. واتە: {ڕێنمونیمان بکە بۆ ڕێگای ڕاست. ڕێگای ئەوانەی کە چاکەت لەگەڵ کردوون، نەك "ڕێگەی" ئەوانەی خەشمی "تۆیان" لێ گیراوە، (بەهۆی ئەوەوە دەیزانن لایانداوە وەك جولەکەو هاوکردارەکانیان)، وە نەك "ڕێگەی" گومڕایان بەهۆی لاساری و نەزانینیانەوە وەك گاورەکان و هاوکردارەکانیان}. ڕێگای ڕاستیش بریتییە لە ئاینەکەی پەروەردگار، ئەویش ئاینی پیرۆزی ئیسلام و باوەڕو زانست و زانیاری بەسودو کردەوەی چاکە... لەخۆ دەگرێت، ئەوە ڕێگای ئەو کەسانەیە کە فەڕو بەخششی پەروەردگاریان بەسەردا ڕژاوە لە ئەهلی عیلم و کردەوەی چاك، ئەمە خەمی هاوەڵەکانی پێغەمبەری خواو ﷺ هەموو ئەوانەیە دوای ئەوان و پێش ئەوانیش لە پێغەمبەران و شوێنکەوتوەکانیان هاتون.

ئا ئەمەیە ڕێگای ڕاست، ڕێگای ئەوانەی کە نیعمەتی پەروەردگاریان بەسەردا ڕژاوە، بێگومان ئەوانە بەجوانی هەق و ڕاستی دەناسن و شوێنی دەکەون و کاری پێ دەکەن، هەروەك خوای پەروەردگار دەفەرموویێت:﴿ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ فَأُوْلَٰٓئِكَ مَعَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِم مِّنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ وَٱلصِّدِّيقِينَ وَٱلشُّهَدَآءِ وَٱلصَّٰلِحِينَۚ وَحَسُنَ أُوْلَٰٓئِكَ رَفِيقٗا ﴾ [النساء: ٦٩] واتە: {هەرکەسێك گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەر ﷺ بکات، جا ئەوانە لەگەڵ کەسانێکن کە خوا بەهرەی ڕشتوە بەسەریاندا لە پێغەمبەران و ڕاستگۆیان و شەهیدان و پیاوچاکان، وە ئەوانە چ هاوڕێی و هاوەڵێکی چاکن}. ئەمەیە ڕێگای ڕاست ڕێگای ئەم کەسانەی لە ئایەتەکەدا باس کراون بریتین لە پێغەمبەران و شوێنکەوتوەکانیان و، بەتایبەتی پێغەمبەری خواو ﷺ هاوەڵە شیرینەکانی دەگرێتەوە، ئێمەش فەرمان پێکراوین کە شوێن پێغەمبەری خوا ﷺ بکەوین و لەسەر سیرەو ژیانی خۆیی و هاوەڵەکانی بڕۆین، خوا لە هەمویان ڕازی بێت و ئەوانیش لە پەروەردگار ڕازی بن، لەم بارەوە قورئان دەفەرموویێت: ﴿ وَٱلسَّٰبِقُونَ ٱلۡأَوَّلُونَ مِنَ ٱلۡمُهَٰجِرِينَ وَٱلۡأَنصَارِ وَٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُم بِإِحۡسَٰنٖ رَّضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُمۡ وَرَضُواْ عَنۡهُ وَأَعَدَّ لَهُمۡ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي تَحۡتَهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدٗاۚ ذَٰلِكَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ﴾ [التوبة: ١٠٠].

واتە: {پێشکەوتووە یەکەمەکان لە کۆچەران و یاریدەدەران و ئەوانەش زۆر بە چاکی پەیڕەوی ئەوانیان کردوەو شوێنیان کەوتوون، خوا لێیان ڕازییەو ئەوانیش لەخوا ڕازین و، پەروەردگار بەهەشتانێکی بۆ ئامادە کردوون کە ڕووبارەکان دێن و دەچن بەژێریانداو تیایدا دەمێننەوە بەشێوەیەکی هەتا هەتایی و بەبێ بڕانەوە، ئا ئەوەیە گەیشتن بە ئامانجی گەورە}. ئەم ڕێگایە بریتیە لە ئاینی خوای گەورەو، لەسەر هەمان ڕێگا پێغەمبەری خوای ﷺ بەعیلم و عەمەلەوە ڕەوانە کرد، بە زانستی بەسودو کردەوەی چاکەوە، ئەویش بریتییە لە هیدایەت و ئاینێکی ڕاست و دروست، پەروەردگار بە پێغەمبەری خۆشەویستدا ﷺ ناردی و ئەمەشی بەجوانی لە قورئاندا بۆ ڕۆشن کردوینەتەوە، ئەم ڕێگا ڕاستە بریتیە لە ئەنجامدانی فەرمانەکانی پەروەردگارو وازهێنان و دوورکەوتنەوە لە قەدەغەکراوەکان، ئەم دوو لایەنە بەوردی لە قورئانداو لەسەر زاری پێغەمبەری ئازیزیش ﷺ ڕونکراونەتەوە، بۆیە لەسەر ئەهلی ئیسلام پێویستە لە قورئانی پیرۆز ورد ببنەوەو بیری لێ بکەنەوە، ئەرکی سەرشانیانە خۆیان لە سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ شارەزا بکەن و لەسەر ئەو ڕێگایە دامەزراو بن، لە قورئان و سوننەتدا بەڕونی ئاماژە بە فەرمان و ڕێگرییەکان کراوە، باس لەو ڕەوشتە جوانانەش کراوە لە ڕەوشتی باوەڕدارانی پیاو و ئافرت و سیفەت و کردەوەکانیان، هەرکەس بە چاوی عەقڵی لە قورئانی پیرۆز ورد ببێتەوە ئەوە هەست بەو ڕاستییە دەکات و، هەرکەسیش لە سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ ورد بێتەوە بە "ژیان و فەرمودەکانیەوە" ئەو ڕاستییەی بۆ دەردەکەوێت.

هەر دەربارەی ئەم بابەتە پەروەردگار لە کۆتایی سورەتی "الفرقان" دا ڕونتر باسەکەمان ئاڕاستە دەکات و دەفەرموویێت: ﴿ وَعِبَادُ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلَّذِينَ يَمۡشُونَ عَلَى ٱلۡأَرۡضِ هَوۡنٗا وَإِذَا خَاطَبَهُمُ ٱلۡجَٰهِلُونَ قَالُواْ سَلَٰمٗا ٦٣ وَٱلَّذِينَ يَبِيتُونَ لِرَبِّهِمۡ سُجَّدٗا وَقِيَٰمٗا ٦٤ وَٱلَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا ٱصۡرِفۡ عَنَّا عَذَابَ جَهَنَّمَۖ إِنَّ عَذَابَهَا كَانَ غَرَامًا ٦٥ إِنَّهَا سَآءَتۡ مُسۡتَقَرّٗا وَمُقَامٗا ٦٦ وَٱلَّذِينَ إِذَآ أَنفَقُواْ لَمۡ يُسۡرِفُواْ وَلَمۡ يَقۡتُرُواْ وَكَانَ بَيۡنَ ذَٰلِكَ قَوَامٗا ٦٧ وَٱلَّذِينَ لَا يَدۡعُونَ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ وَلَا يَقۡتُلُونَ ٱلنَّفۡسَ ٱلَّتِي حَرَّمَ ٱللَّهُ إِلَّا بِٱلۡحَقِّ وَلَا يَزۡنُونَۚ وَمَن يَفۡعَلۡ ذَٰلِكَ يَلۡقَ أَثَامٗا ﴾ [الفرقان: ٦٣ – ٦٨].

واتە: {بەندە تایبەتییەکانی خوای میهرەبان کەسانێکن بە ویقارو نەرمی دەڕۆن بەسەر زەویدا "بێ لوت بەرزی و کەشخەیی و فیزکردن"، وە کاتێك نەزان و نەفامەکان "بەوتەی ناشیرین" لەگەڵیاندا بدوێن، وتەیەك دەڵێن پێیان گوناه نەبێت. وە کەسانێکن لە شەودا بۆ پەروەردگاریان سوژدە دەبەن و شەونوێژ دەکەن. وە کەسانێکن دەڵێن: ئەی پەروەردگارمان سزای دۆزەخمان لێ لابدە، چونکە بەڕاستی سزای ئەو "دۆزەخە" لانەچووی بەردەوامە. بەڕاستی دۆزەخ شوێن مانەوەیەکی زۆر خراپە. وە کەسانێکن کاتێك ماڵ و سامان خەرج دەکەن "بۆ خۆیان و خێزانیان" نە زیادە ڕەوی و نە ڕەزیلی و دەست نوقاوی تێدا ناکەن، بەڵکو مام ناوەندن لەو ڕووەوە. وە کەسانێکن لەگەڵ خوادا هیچ پەرەستراوێکی تر ناپەرستن، وە کەسێك ناکوژن خوا کوشتنی یاساغ "حەرام" کردبێت، مەگەر ئەو کوشتنە بە هەق و ڕەوا بێت، زیناو داوێن پیسیش ناکەن، هەرکەسێك ئەو تاوانانە بکات کە باس کران، ئەوە بێ گومان دووچاری تۆڵەو سزاکەی دەبێت}. ئەمە بە واتای ئەوە دێت هەرکەس شەریك بۆ خوا بڕیار بدات یاخود کەسێك بەناهەق بکوژێت و یاخود زینا بکات، ئەوە دوچاری سزاو تۆڵەکەی دێت، واتە: سزایەکی

گەورەی دەدەین، دواتر پەروەردگار بەم ئایەتە تەفسیری ئایەتەکانی پێشتر دەکات و دەفەرموویت: ﴿ يُضَٰعَفۡ لَهُ ٱلۡعَذَابُ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ وَيَخۡلُدۡ فِيهِۦ مُهَانًا ﴾ [الفرقان: ٦٩]. واتە: لە سزادانیدا سزای بۆ چەندبارە دەکرێتەوە: ﴿ إِلَّا مَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ عَمَلٗا صَٰلِحٗا فَأُوْلَٰٓئِكَ يُبَدِّلُ ٱللَّهُ سَيِّـَٔاتِهِمۡ حَسَنَٰتٖۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورٗا رَّحِيمٗا ٧٠ وَمَن تَابَ وَعَمِلَ صَٰلِحٗا فَإِنَّهُۥ يَتُوبُ إِلَى ٱللَّهِ مَتَابٗا ﴾ [الفرقان: ٧٠ – ٧١].

واتە: {بێجگە لە کەسێك کە تەوبەی کردبێت و باوەڕی هێنابێت و کاروکردەوەی چاکیشی ئەنجام دابێت، ئا ئەوانە خوا خراپەو تاوانەکانیان دەگۆڕێت بە چاکە، پەروەردگار هەمیشە لێبوردەی بە بەزەییە. هەرکەسێك تەوبەی کردو کردەوەی چاکی ئەنجامدا، ئەوە بەڕاستی ئەو کەسە دەگەڕێتەوە بۆ لای پەروەردگار بە گەڕانەوەیەکی تەواو}. هەموو ئەمانەی باسکران لە ڕەوشتی پیاو و ئافرەتی باوەڕدارن. دوای ئەوە خوا دەفەرموویت: ﴿ وَٱلَّذِينَ لَا يَشۡهَدُونَ ٱلزُّورَ ﴾ [الفرقان: ٧٢]. بەواتای ئەوەی بەندەکانی خوا لەو شوێنەدا ئامادە نابن کە شایەتی درۆی تیادا ئەنجام دەدرێت، شایەتی درۆش: بریتییە لەهەموو شتێکی باتڵ و خراپەکاری لە هەموو تاوانەکان، جا ئەوان ئامادەی ئەو شوێنە نابن بەڵکو ئینکاری لەو تاوانە دەکەن و دژایەتی دەکەن، جا بەندە ڕاستەقینەکانی خوا نەك هەر شاهیدی بەدرۆ نادەن بەڵکو زۆر بەتوندی ئینکاری و دژایەتی شایەتی درۆ دەکەن. ﴿ وَإِذَا مَرُّواْ بِٱللَّغۡوِ مَرُّواْ كِرَامٗا ﴾ [الفرقان: ٧٢]. کاتێك بەلای شتی بێ سودا تێپەڕدەبن پشتی تێ دەکەن، هەر دەربارەی ئەمە لەشوێنێکی تردا دەفەرموویت: ﴿ وَإِذَا سَمِعُواْ ٱللَّغۡوَ أَعۡرَضُواْ عَنۡهُ وَقَالُواْ لَنَآ أَعۡمَٰلُنَا وَلَكُمۡ أَعۡمَٰلُكُمۡ سَلَٰمٌ عَلَيۡكُمۡ لَا نَبۡتَغِي ٱلۡجَٰهِلِينَ ﴾ [القصص: ٥٥]. واتە: {کاتێك قسەی ناپەسەندو هیچ و پووچ ببیستن پشتی تێ دەکەن و "بە نەفامان"دەڵێن ئەنجامی کردەوەکانمان بۆ خۆمانەو ئەنجامی کردەوەکانی ئێوەش بۆ خۆتانە، سەلامتان لێ بێت ئێمە هاوڕێیەتی نەفامانمان ناوێت}. هەروەها: ﴿ وَٱلَّذِينَ إِذَا ذُكِّرُواْ بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِمۡ لَمۡ يَخِرُّواْ عَلَيۡهَا صُمّٗا وَعُمۡيَانٗا ﴾ [الفرقان: ٧٣].

بەندەکانی خوا کەسانێکن کاتێك ئامۆژگاری بکرێن بەئایەتەکانی خوا، بە کەڕو کوێری ناکەون بەسەر ئایەتەکانی خوای گەورەدا، بەڵکو بە ملکەچییەوە دەکەون بەسەر ئایەتەکانی پەروەردگارداو بە گەردنکەچی و بە گەورەزانینی خواوە پێشوازی لە ئایەتەکانی پەروەردگار دەکەن، ئەوەیە سیفەتی باوەڕداری ئافرەت و پیاو، کاتێك بە ئایەتەکانی پەروەردگار ئامۆژگاری بکرێن ملکەچ دەبن و دڵەکانیان نەرم دەبن و پەروەردگاریان بە گەورە دەزانن و لە ترسی خوای گەورە دەگرین و، بە ئومێدی پاداشتی ئەون، وە لەسزاو تۆڵەی پەروەردگار دەترسن، وەك دەفەرموویت: ﴿ وَٱلَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا هَبۡ لَنَا مِنۡ أَزۡوَٰجِنَا وَذُرِّيَّٰتِنَا قُرَّةَ أَعۡيُنٖ وَٱجۡعَلۡنَا لِلۡمُتَّقِينَ إِمَامًا ﴾ [الفرقان: ٧٤].

واتە: {بەندە چاکەکانی خوا کەسانێکن دەڵێن: ئەی پەروەردگارمان ببەخشە پێمان لە هاوسەران و نەوەکانمان "منداڵەکانمان" ئەوەی چاوانی پێ گەش و دڵانی پێ خۆش بێت، وە بمانکە بە پێشەوای پارێزکاران و لەخوا ترسان}.

هەموو ئەمانەی باسمان کردن سیفەتی پیاو و ئافرەتی باوەڕدارن، ئەوان بەڕاستی بەندەی خوای گەورەن و هیچ کەم و کورتییان نیە، هەرچی "قرة الاعين" یشە بریتییە لەوەی منداڵەکەی چ کوڕ بێت یان کچ کاتێك دەیبینێت کە کردەوەی چاك ئەنجام دەدات، چاوانی پێ گەش دەبێت و دڵی پێی خۆش دەبێت کاتێك نەوەکەی دەبینێت کە هاوپشتی خۆیەتی و لەسەر ڕێگایەکی ڕاستە، هەروەك وشەی "الذ رية" نێرو مێ دەگرێتەوە، هەروەها لە فەرمودەیەکدا پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموویت: {إذا مات ابن آدم انقطع عمله إلا من ثلاث: صدقة جارية أو علم ينتفع به أو ولد صالح يدعو له}[1]. واتە: هەرکەسێك کە دەمرێت کردەوەکانی لێ دەپچڕێت، تەنها لە سێ شتدا نەبێت: خێرێکی بەردەوامی هەبێت، یان زانستێکی بەسودی هەبێت، یاخود وەچەیەکی ساڵحی لە پاش بەجێ بمێنێت و دوعای خێری بۆ بکات.

لێرەدا وشەی "ولد" هەردوو ڕەگەزەکە دەگرێتەوە، هەروەها دەفەرموویت: ﴿ وَٱلَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا هَبۡ لَنَا مِنۡ أَزۡوَٰجِنَا وَذُرِّيَّٰتِنَا قُرَّةَ أَعۡيُنٖ وَٱجۡعَلۡنَا لِلۡمُتَّقِينَ إِمَامًا ﴾ [الفرقان: ٧٤] واتە: وەچەو نەوەیەك کە چاوانی پێ گەش دەبێت و دڵی پێ خۆش دەبێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ فەرمانبەرداربونی پەروەردگارو دامەزراوییان لەسەر شەریعەتەکەی.

بۆ هاوسەرانیش، پیاو کاتێك دەبینێت خێزانەکەی فەرمانبەردارو گوێ ڕایەڵی خوای گەورەیە بەوە چاوانی گەش دەبنەوە، بۆ ئافرەتیش کاتێك پیاوەکەی لەسەر گوێڕایەڵی خوای گەورەو بە باوەڕەوە دەبینێت چاوانی گەش دەبنەوەو دڵی پێی خۆش دەبێت، پیاوی ساڵح مایەی چاو

[1] أخرجه مسلم: كتاب الوصية. باب ما يلحق الانسان من الثواب بعد وفاته. رقم(1631).

گەشییە بۆ خێزانەکەیی و، بەپێچەوانەشەوە ئافرەتی ساڵیحە مایەی گەشبونەوەی چاوی مێردە باوەڕدارەکەیەتی، وەچەو نەوەی پاکیش ڕوناکی چاوانە بۆ دایك و باوك و کەسە نزیکەکانی لە باوەڕدارانی ژن و پیاو: ﴿ وَٱجۡعَلۡنَا لِلۡمُتَّقِينَ إِمَامًا ﴾ بەواتای ئەوەی لە چاکەو ڕێنمونی دروستکراوەکاندا بمانکە بەپێشەوای پارێزکاران و موتەقیەکان.

دوابەدوای ئەوە پەروەردگار زیاتر بابەتەکە ڕون دەکاتەوەو دەفەرمووێت: ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ يُجۡزَوۡنَ ٱلۡغُرۡفَةَ ﴾ [الفرقان: ٧٥] واتە: ئەوانەی ئەو سیفەتانەیان هەیە پاداشت دەدرێنەوە بە پلەو کۆشکی بەرز لە بەهەشتدا کە لە بەرزیدا شوێنەکە بە "الغرفە" ناوبراوە، چونکە دەکەوێتە بەرزترین شوێن لەسەروی ئاسمانەکان و ژێر عەرشی پەروەردگاردا، بەهەشتیش لە بەرزترین شوێندایە، هەر لەبەرئەوەیە پەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ يُجۡزَوۡنَ ٱلۡغُرۡفَةَ ﴾ واتە: بەهەشت، ﴿ بِمَا صَبَرُواْ ﴾ [الفرقان:75 ] واتە: بەهۆی ئارامگرییان لەسەر گوێڕایەڵی خوای پەروەردگارو، ئارامگرییان لە ئەنجام نەدانی قەدەغەکراوەکان و، ئارامگرییان لەسەر کارەساتەکان. کاتێك ئارامیان گرت خوا بە بەهەشت پاداشتیان دەداتەوە، کاتێك کە ئارامیان گرت لەسەر جێبەجێکردنی مافی خوای گەورەو ئارامگرییان لە بەرامبەر قەدەغەکراوەکانداو دوورکەوتنەوە لێیان و، ئارامگرییان لەسەر کارەساتە بەئێش و ژانەکان لە نەخۆشی و هەژاری و جگە لەمانەش، ئیدی پەروەردگار لەبەرامبەر ئەمانەدا بەباشترین شێوە پاداشتیان دەداتەوە: ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ يُجۡزَوۡنَ ٱلۡغُرۡفَةَ بِمَا صَبَرُواْ وَيُلَقَّوۡنَ فِيهَا تَحِيَّةٗ وَسَلَٰمًا ﴾ [الفرقان: ٧٥] واتە: لەناو بەهەشتدا پاداشت دەدرێنەوە بە پلەو کۆشکی بەرز بەهۆی ئارامگرییان: ﴿ تَحِيَّةٗ وَسَلَٰمًا ٧٥ خَٰلِدِينَ فِيهَاۚ حَسُنَتۡ مُسۡتَقَرّٗا وَمُقَامٗا ﴾ [الفرقان: ٧٥ – ٧٦] واتە: {لەو شوێنەدا "لەلایەن فریشتەکانەوە" بە گەرمی سڵاویان لێ دەکرێت. بێ بڕانەوە تیایدا دەمێننەوە، ئای چەند جێگەو شوێن مانەوەیەکی جوان و خۆشە.} ئەمانە لە سیفەتەکانی باوەڕداری کامڵن لە پیاوان و ئافرەتان و بەدڵنیاییەوە ئەوانە لە کەسە دڵخۆش و ڕزگاربوەکانن، لە قورئانی پیرۆزدا گەلێك ئایەتی پیرۆز هەن باسی ڕەوشت و سیفەتی باوەڕدارانی پیاو و ئافرەتمان بۆ دەکەن، وەك دەفەرمووێت: ﴿ لَّيۡسَ ٱلۡبِرَّ أَن تُوَلُّواْ وُجُوهَكُمۡ قِبَلَ ٱلۡمَشۡرِقِ وَٱلۡمَغۡرِبِ وَلَٰكِنَّ ٱلۡبِرَّ مَنۡ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ وَٱلۡكِتَٰبِ وَٱلنَّبِيِّـۧنَ وَءَاتَى ٱلۡمَالَ عَلَىٰ حُبِّهِۦ ذَوِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَٱلۡيَتَٰمَىٰ وَٱلۡمَسَٰكِينَ وَٱبۡنَ ٱلسَّبِيلِ وَٱلسَّآئِلِينَ وَفِي ٱلرِّقَابِ وَأَقَامَ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَى ٱلزَّكَوٰةَ وَٱلۡمُوفُونَ بِعَهۡدِهِمۡ إِذَا عَٰهَدُواْۖ وَٱلصَّٰبِرِينَ فِي ٱلۡبَأۡسَآءِ وَٱلضَّرَّآءِ وَحِينَ ٱلۡبَأۡسِۗ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ صَدَقُواْۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُتَّقُونَ ﴾ [البقرة: ١٧٧]. واتە: {چاکە ئەوە نیە ڕوو بکەن بەرەو ڕۆژهەڵات یان ڕۆژئاوا، بەڵکو چاکە ئەوەیە کە مرۆڤ باوەڕی بەخواو بە ڕۆژی دوایی و فریشتەکان و کتێبەکان و پێغەمبەران هەبێت و، دارایی خۆی ببەخشێت لەگەڵ ئەوەی کە خۆشی دەوێت بە خزمان و هەتیوان و بێ نەوایان و "هەژاران" ڕێبوارانی کەم دەست و سوڵکەران و لەڕێی ئازاد کردنی کۆیلەکاندا، وە نوێژی بە چاکی کردبێت و زەکاتی دابێت و پەیمان بەجێهێنەران کاتێك کە پەیمانیان دابێت و خۆڕاگران لە کاتی تەنگدەستی و نەخۆشی و لە کاتی جەنگدا، ئا ئەوانەن کە ڕاستیان کردو هەر ئەوانەشن پارێزکاران}.

ئا ئەمەیە سیفەتی ئەو کەسانەی تەقوای خوایان هەیە لە پیاوان و ئافرەتان، ئەوە سیفەتەکانیانن کە خوای پەروەردگار لەم ئایەتە پیرۆزەی سورەتی "البقرة" دا باسی کردون: ﴿ وَلَٰكِنَّ ٱلۡبِرَّ مَنۡ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ وَٱلۡكِتَٰبِ وَٱلنَّبِيِّـۧنَ ﴾ واتە: لە ڕاستیدا خاوەنی چاکە ئەو کەسەیە باوەڕی بەخواو بەڕۆژی دوایی و فریشتەکان و کتێبە ئاسمانیەکان و پێغەمبەران هەیە، باوەڕیان هێناوە بە پەروەردگار وەك دروستکەرو تەنها پەرستراوی بە هەق، وە باوەڕیان هەیە بەوەی پەرستنی خوای گەورە شتێکی ڕاست و دروستەو ئەو دروستکەرو ڕۆزی دەرە، وە زاتی پەروەردگار وەسفکراوە بەناو و سیفەتە جوان و بەرزەکانی، هیچ هاوشێوەو هاوتایەکی نیەو، ئەو پەروەردگارێکی کامڵ و بێ کەم و کورتییە لەناو و سیفات و کردەوەکانیداو، هیچ جۆرە کەم و کورتی و ناتەواوییەکی ڕووبەڕوو نابێتەوە، بەڵکو لەهەموو ڕویەکەوە پەروەردگار خاوەنی کامڵی و تەواوی ڕەهایە، هەروەك خوا دەفەرمووێت: ﴿ قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ١ ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ ٢ لَمۡ يَلِدۡ وَلَمۡ يُولَدۡ ٣ وَلَمۡ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدُۢ ﴾ [الإخلاص: ١ – ٤].

واتە:{ بڵێ ئەوە خوای تاك و تەنیا. ئەو خوایەی بێ نیازو جێی نیازو ئومێدە. کەسی لێ نەبووەو لە کەس نەبووە.هەرگیز هیچ کەس هاوشێوەو هاوتای نیە.} هەروەها باوەڕهێنان بەڕۆژی دوایی و زیندوبونەوەی دوای مردن، چونکە گومان لەوەدا نیە ئەم دونیایە تەواو دەبێت و هەموان بەجێی دەهێڵین و ڕۆژی دواییش دێت و گەورەترین حەقیقەتی چاوەڕوانکراوە، دەبێت ئەو ڕۆژە بێت و خوای گەورە بەندەکانی زیندوو

دەکاتەوە، وەك دەفەرموویێت: ﴿ ثُمَّ إِنَّكُم بَعْدَ ذَٰلِكَ لَمَيِّتُونَ ۝١٥ ثُمَّ إِنَّكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ تُبْعَثُونَ ﴾ [المؤمنون: ١٥–١٦]. واتە:{پاشان بەڕاستی ئێوە لە دوای ئەوە هەمووتان دەمرن. لە پاشان بێ گومان ئێوە لە ڕۆژی دواییدا زیندوو دەکرێنەوە}.

هەروەها دەفەرموویێت: ﴿ وَأَنَّ السَّاعَةَ آتِيَةٌ لَّا رَيْبَ فِيهَا وَأَنَّ اللَّهَ يَبْعَثُ مَن فِي الْقُبُورِ ﴾ [الحج: ٧]. واتە: {بەڕاستی قیامەت دێت و بەرپا دەبێت و گومانی تێدا نیە، دڵنیاشبن خوا زیندووی دەکاتەوە هەموو ئەو کەسانەی کە لەناو گۆڕەکاندا "مردوون".}

ڕۆژی دوایی: بریتیە لە ڕۆژی پاداشت و سزاو بەهەشت و ئاگرو میزان و سیڕات، تیایدا نامەی کردەوەکان بەدەستی ڕاست یان دەستی چەپی بەندەکانەوە دەدرێن و پردی سیڕات دادەنرێت و کردەوەکانی مرۆڤ کێشانە دەکرێن. ئیدی پاش ئەوە هەموو شتێك کۆتایی دێت و خەڵکی یان بۆ بەهەشت و یاخود بەرەو دۆزەخ دەبرێن، باوەڕداران بەرەو بەهەشت و کامەرانی و خۆشگوزەرانی دەبرێن و، بێباوەڕانیش بەرەو دۆزەخ و سزاو ئازارێکی ڕسواکەر دەبرێن. داواکارم پەروەردگار ئێمە لە ئاگری دۆزەخ بپارێزێت.

هەروەها باوەڕهێنان بە فریشتەکانی خوای گەورە، ئەوان بەردەوام فەرمانبەرداری پەروەردگارن و سەربازێکن لە سەربازەکانی خوای گەورە، فریشتەکان نوێنەری پەروەردگارن بۆ لای بەندەکان بە ئامانجی گەیاندنی فەرمان و ڕێگرییەکانی پەروەردگار، وەك دەفەرموویێت: ﴿ لَّا يَعْصُونَ اللَّهَ مَا أَمَرَهُمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ ﴾ [التحريم: ٦]. واتە: {نافەرمانی خوا ناکەن لەوەی کە فەرمانیان پێ بدات، وە چ فەرمانێکیان پێ بدرێت ئەنجامی دەدەن} خوای گەورە فریشتەکانی لە نور دروست کردوە، ئەوان بەردەوام فەرمانەکانی پەروەردگار جێبەجێ دەکەن، وەك دەفەرموویێت: ﴿ بَلْ عِبَادٌ مُّكْرَمُونَ ۝٢٦ لَا يَسْبِقُونَهُ بِالْقَوْلِ وَهُم بِأَمْرِهِ يَعْمَلُونَ ۝٢٧ يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَلَا يَشْفَعُونَ إِلَّا لِمَنِ ارْتَضَىٰ وَهُم مِّنْ خَشْيَتِهِ مُشْفِقُونَ ﴾ [الأنبياء: ٢٦ – ٢٨].

واتە: {بەڵکو ئەوانە "فریشتە" بەندەی ڕێزگیراوی خوان. لەخوا پێش ناکەون بەقسەو بە ووتە، وە ئەوان بە فەرمانی خوا کار دەکەن. "خوا" دەزانێ، ئاگادارە بەوەی لە دنیادا لەبەر دەستیاندایەو ئەوەیشی لە ڕۆژی دواییدا بۆیان ئامادە کراوە، وە "فریشتەکان" تکا ناکەن، تەنها بۆ ئەو کەسە نەبێت کە "خوا" ڕازی بێت "تکای بۆ بکرێت"، وە ئەوان "فریشتەکان" لە ترس و هەیبەتی خوا زۆر دەترسن}.

هەروەها باوەڕهێنان بە کتێبە ئاسمانیەکان، مەبەستیش لە هەموو ئەو کتێبانەیە پەروەردگار بۆ پێغەمبەرانی دابەزاندون، گەورەترینیان بریتییە لە قورئانی پیرۆز، باوەڕداران باوەڕیان بە هەموو کتێبە ئاسمانیەکان هەیە کە لە ڕابردودا بۆ سەر پێغەمبەران دابەزێنراون، پیرۆزترین و گەورەترین و کۆتا کتێبیش بریتییە لە قورئانی پیرۆز، کە بۆ سەر پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ دابەزێنرا.

وە باوەڕداران باوەڕیان بە سەرجەم پێغەمبەران هەیەو هەموویان بە ڕاست دەزانن، کۆتا پێغەمبەر بریتییە لە (محمد ﷺ) کە ڕێزدارترینی پێغەمبەران و کۆتایی پێهێنەری کاروانی پێغەمبەرانە.

وە باوەڕداران لەو سەروەت و سامانەی کە خوا پێیانی بەخشیوە دەبەخشن لەگەڵ ئەوەی کە زۆریش سامانەکەیان خۆش دەوێت و لەم ئایەتە پیرۆزەدا ئەو واتایە دەردەکەوێت کە دەفەرموویێت: ﴿ وَآتَى الْمَالَ عَلَىٰ حُبِّهِ ذَوِي الْقُرْبَىٰ ﴾ [البقرة: ١٧٧].(1)

ئەوان لەو سەروەت و سامانە دەبەخشن کە خۆشیان دەوێت و لەبەر خاتری پەروەردگار هاوکاری کەسانی هەژارو نەداری پێ دەکەن لە خزم و کەسە نزیکەکانی خۆیان و جگە لەوانیش، یان دەیخەنە پڕۆژە خێرخوازییەکانەوەو لەجیهادی دوژمنانی خواشدا سامانەکەیان دەبەخشن، ئەهلی باوەڕو چاکەکاری بەو شێوازەن، سەروەت و سامانەکانی خۆیان دەبەخشن و دەیکەنە خێرو چاکە، وەك قورئان دەفەرموویێت: ﴿ تَتَجَافَىٰ جُنُوبُهُمْ عَنِ الْمَضَاجِعِ يَدْعُونَ رَبَّهُمْ خَوْفًا وَطَمَعًا وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ ﴾ [السجدة: ١٦]. واتە: {تەنیشتیان دوور دەکەوێتەوە لە جێگای خەوتنیان "لە خەو هەڵدەستن و شەونوێژ دەکەن"، هاوارو نزا لە پەروەردگاریان دەکەن بەترس و هیواوەو، لەو ڕۆزی و سامانەی پێمان داون دەبەخشن}.

لە شوێنێکی تریشدا دەفەرموویێت: ﴿ آمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَأَنفِقُوا مِمَّا جَعَلَكُم مُّسْتَخْلَفِينَ فِيهِ ۖ فَالَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَأَنفَقُوا لَهُمْ أَجْرٌ كَبِيرٌ ﴾ [الحديد: ٧].

واتە: {باوەڕ بهێنن بە خواو پێغەمبەرەکەیی و ﷺ ببەخشن لەو سامانەی کە خوا ئێوەی کردوە بەجێنشینی پێشینان تیایدا، ئینجا ئەوانەتان کە باوەڕیان هێناوەو داراییان بەخشیوە پاداشتی گەورەیان بۆ هەیە.}

هەروەها دەفەرموویێت: ﴿ وَآتَى الْمَالَ عَلَىٰ حُبِّهِ ذَوِي الْقُرْبَىٰ وَالْيَتَامَىٰ وَالْمَسَاكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ وَالسَّائِلِينَ وَفِي الرِّقَابِ ﴾ [البقرة: ١٧٧].

---

(1) لە پێشەوە ئاماژە بە تەفسیرەکەی کراوە.

ئەمەش بەواتای ئەوە دێت ئەوان لەم بوارانەدا سەروەت و سامانەکانیان لەپێناو خوای گەورەدا دەبەخشن، بە خزم و کەسە نزیکەکانی خۆیان و بە کەسانی هەتیو و هەژاران و نەداران و، بەو کەسانەش دەبەخشن کە لە خۆیانەوە نزیك نین بەلام لاوازو نەدارن، بەوانەش دەبەخشن کە ڕێبوارن و خەڵکی ناوچەکەی خۆیان نین و بۆ ئامانجێك ڕێیان لەو شوێنە کەوتوە بەلام پارەیان لێ بڕاوەو بەشی ئەوەیان نیە کە پێی بچنەوە ولاتی خۆیان، بەو کەسانەش دەبەخشن کە لەبەر نەبونی و هەژاری داوای یارمەتی لە خەڵکی دەکەن و ئەمە جگە لەوەی خەڵکانێکی هەژاری ئەوتۆ هەن کە لە ڕوویان نایەت داوای هاوکاری بکەن و بەلام کەسیش بە بارودۆخیان ئاگادار نیە، ئا ئەو جۆرە کەسانە ماڵەکانیان بەمانە دەبەخشن کە ئاماژەمان پێدان.

هەرچی: ﴿ وَفِي ٱلرِّقَابِ ﴾ یشە: بە واتای ئەوە دێت کە ماڵەکانیان دەبەخشن لە ڕێی ئازاد کردنی کۆیلەدا، یان لەپێناو ئازادکردنی کۆیلەو دیلی جەنگ و بەخێوکردنی خێزانی دیلەکاندا ماڵ دەبەخشن.

پاشان پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ وَأَقَامَ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَى ٱلزَّكَوٰةَ ﴾ [البقرة: ١٧٧]. واتە: باوەڕداران بە جوانترین و چاکترین شێوە نوێژ ئەنجام دەدەن و زەکات دەدەن و پارێزگاری لە نوێژەکانیان دەکەن و لەکاتی خۆیاندا ئەنجامیان دەدەن و زەکات دەردەکەن، چۆن پەروەردگار فەرمانی پێیان کردوە ئاوها جێبەجێی دەکەن.

لە ئایەتێکی دیکەدا دەفەرموێت: ﴿ وَٱلْمُوفُونَ بِعَهْدِهِمْ إِذَا عَٰهَدُوا۟ ﴾ [البقرة: ١٧٧]. بەواتای ئەوەی ئەگەر بەڵێنێکیاندا وەفادار دەبن و خیانەت لەبەڵێنەکەدا ناکەن. پاشان دەفەرموێت: ﴿ وَٱلصَّٰبِرِينَ فِى ٱلْبَأْسَآءِ وَٱلضَّرَّآءِ وَحِينَ ٱلْبَأْسِ ﴾ [البقرة: ١٧٧]. بەواتای ئەوەی لە کاتی تەنگدەستی و نەخۆشی و کاتی جەنگ و برسیەتی و کوشتاردا خۆڕاگرن. لە کۆتایی ئایەتەکەشدا دەفەرموێت: ﴿ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ صَدَقُوا۟ وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُتَّقُونَ ﴾ [البقرة: 177].واتە: ئا ئەوانەی کە باسمانکردن لە ڕاستگۆیانن، بەهۆی ئەوەی بە کردەوە جوانەکانیان و تەقوای خوا باوەڕەکەیان بەرجەستە کرد.

لە سورەتی "الانفال والبراءة" دا چەند سیفەتێکی دیکەی باوەڕدارانی باس کردوەو، لە سورەتی "المؤمنون" یشدا دەفەرموێت: ﴿ قَدْ أَفْلَحَ ٱلْمُؤْمِنُونَ ۝١ ٱلَّذِينَ هُمْ فِى صَلَاتِهِمْ خَٰشِعُونَ ﴾ [المؤمنون: ١ – ٢]. واتە: {بەڕاستی باوەڕداران ڕزگار دەبن "سەردەکەون". ئەو کەسانەی کە لە نوێژەکانیاندا لەخوا ترسن " گەردن کەچن بۆ خوا"}.

هەروەك لە چەند بابەتێکی دیکەدا باسی سیفەت و ڕەوشتی باوەڕدارانی کردوە، ئەگەر سەیری قورئانی پیرۆز بکەین و بەجوانی لێی وردببینەوە ئەوە بە چاکی هەست بەو ڕاستییە دەکەین، وەك دەفەرموێت: ﴿ كِتَٰبٌ أَنزَلْنَٰهُ إِلَيْكَ مُبَٰرَكٌ لِّيَدَّبَّرُوٓا۟ ءَايَٰتِهِۦ وَلِيَتَذَكَّرَ أُو۟لُوا۟ ٱلْأَلْبَٰبِ ﴾ [ص: ٢٩]. واتە: {ئەم قورئانە کتێبێکی پیرۆزە کە ناردومانەتە خوارەوە بۆ تۆ، بۆ ئەوەی بیر بکەنەوە لە ئایەتەکانی و خاوەنانی بیرو ژیری پەندی لێ وەربگرن}.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿ إِنَّ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانَ يَهْدِى لِلَّتِى هِىَ أَقْوَمُ ﴾ [الإسراء: ٩]. واتە:{بەڕاستی ئەم قورئانە ڕێنمونی دەکات بۆ ڕێبازو بەرنامەیەك کە ڕاستترینەو..}.

لە شوێنێکی دیکەشدا دەفەرموێت: ﴿ ..قُلْ هُوَ لِلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ هُدًى وَشِفَآءٌ ﴾ [فصلت: ٤٤]. واتە: {ئەی (ﷺ) بڵێ: قورئان بۆ کەسانێك کە باوەڕیان پێی هێناوە ڕێنیشاندەرو شیفایە} هەروەها: ﴿ أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ ٱلْقُرْءَانَ أَمْ عَلَىٰ قُلُوبٍ أَقْفَالُهَآ ﴾ [محمد: ٢٤]. واتە: {ئاخۆ ئەوانە لە قورئان وورد نابنەوەو تێی ناگەن، "وانیە" بەڵکو دڵیان قوفڵی لێدراوە}.

ئامۆژگاریم بۆ خۆم و خوشك و براکانم بەتایبەتی و خەڵکی بەشێوەیەکی گشتی ئەوەیە: گرنگی بە قورئانی پیرۆز بدەن و لە ماناو مەبەستی ورد ببنەوەو لە ناخی دڵەوە لەبەری بکەن و، بە پەرۆشبن لەسەر خوێندنەوەی بەشێوەیەکی بەردەوام، جارێك بە خوێندنەوەو جارێکیش لەناخی دڵەوە بۆ ئەوەی دوچاری لەبیرچونەوە نەبن، چونکە ئەگەر ئەو کەسە بە بیرکردنەوەو تێفکران و وردبونەوە لە واتاکانی لەبەری کردبێت ئەوە زیاتر سودی لێ وەردەگرێت، وەك دەفەرموێت: ﴿ كِتَٰبٌ أَنزَلْنَٰهُ إِلَيْكَ مُبَٰرَكٌ لِّيَدَّبَّرُوٓا۟ ءَايَٰتِهِۦ وَلِيَتَذَكَّرَ أُو۟لُوا۟ ٱلْأَلْبَٰبِ ﴾ [ص: ٢٩]. پێویستە بە تێگەیشتن و فێربونەوەو بەشێوەیەکی کرداری قورئانەکە جێبەجێ بکەیت؟ چونکە خوای گەورە ئەم کتێبەی ناردوٌتە خوارەوە هەتا زانست و زانیاری لێ وەربگرین و لە کردەوەکانماندا ڕەنگ بداتەوەو جێبەجێی بکەین. لەم بارەوە دەفەرموێت: ﴿ وَهَٰذَا كِتَٰبٌ أَنزَلْنَٰهُ

﴿ مُبَارَكٌ فَاتَّبِعُوهُ وَاتَّقُوا لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ ﴾ [الأنعام: ١٥٥]. واتە:{ئەم قورئانە پیرۆزە بەفەرمان ناردوەتە خوارەوە، کەواتە ئێوەش شوێنی بکەون و خۆتان بپارێزن "پارێزکاربن" تا ڕەحمتان پێ بکرێت}.

ئەو قورئانە دابەزێنراوە هەتا خەڵکی لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بیکەنە کردارو شوێنی بکەون، نەك بە تەنها بۆ خوێندنەوەو دەرخ کردن بێت و بەس، چونکە خوێندنەوەو لەبەرکردن هۆکارەو، ئامانجە سەرەکیەکەش بریتیە لە شارەزابون لە قورئان و سوننەت و لەگەڵ باوەڕهێنان بەخواو پێغەمبەری خواو ﷺ جێبەجێکردنی فەرمانەکانیان و دورکەوتنەوە لە قەدەغەکراوەکانیان، پەروەردگار هەموو ئەمانە لە سورەتی "التوبة" دا کۆ دەکاتەوەو دەفەرمووێت: ﴿ وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَيُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَيُطِيعُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ أُولَٰئِكَ سَيَرْحَمُهُمُ اللَّهُ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴾ [التوبة: ٧١].[1]. ئەم ئایەتە گشتگیرترین ئایەتە کە زۆربەی سیفات و ڕەوشتە گەورەکانی باوەڕدارانی باس کردوەو هەروەها ئەوەیشی کە لەسەریان فەرزە ئاماژەی پێکراوە.

کاتێك دەفەرمووێت: ﴿ وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ ﴾، ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی باوەڕدارانی پیاو و ئافرەت پشتیوانی یەکترین و ئامۆژگاری یەکتر دەکەن و لەبەر خوا یەکتریان خۆش دەوێت، وە ئامۆژگاری یەکتری دەکەن لەسەر پەیوەستبون بەهەق و شوێنکەوتنیەوەو ئامۆژگاری یەکدی لەسەر ئارامگری دەکەن و هاوکاری یەك لەسەر چاکەو تەقوا دەکەن، بەهەمان شێوەیشە بۆ هەموو باوەڕدارانی ژن و پیاو، کەسی باوەڕدار پشتیوانی براو خوشکە ئاینیەکەیەتی، ئافرەتی باوەڕداریش پشتیوانی خوشکو برا ئاینیەکەیەتی، هەریەك لەمانەی باسمان کردن خێرو چاکەی بۆ ئەوی تر دەوێت، بۆ کاری چاکە بانگی دەکات و خۆشحاڵ دەبێت بەدامەزراوی بەرامبەرەکەی لەسەر کردەوەی چاك و شەرو خراپەیشی لێ دوور دەخاتەوە، بەهیچ شێوەیەك غەیبەتی ناکات و سەبارەت بە ناموسی قسە ناکات، هەروەك شایەتی درۆی لە دژ نادات و قسەی پێ ناڵێت، بیانو و داواکاری پوچی ئاراستە ناکات، باوەڕدارانی پیاو و ئافرەت بەو شێوازەن.

ئەگەر لە نەفسی خۆتدا ئەوەت بینی کە ئازاری براو خوشکێکی موسڵمان دەدەیت و یاخود غەیبەت یان قسەی پێ دەڵێیت و یا نەمیمەو درۆی لە دژ دەکەیت، بزانە باوەڕەکەت کەم و کورتی تێدایەو لاواز بووە، بەدڵنیاییەوە ئەگەر باوەڕو ئیمانەکەت دامەزراو و کامڵ ببوایە ئەوا هیچ کاتێك ڕێگات بەخۆت نەدەدا کە ستەم لە براکەت بکەیت و بە غەیبەت و نەمیمە سنوری بشکێنیت و هێرشی بکەیتە سەر، یان شاهێدیدان و سوێندی درۆ و قسە پێ وتنی لە دژ ئەنجام بدەیت، وە باوەڕهێنان بەخواو پێغەمبەری خواو ﷺ تەقواو کاری چاکەو ڕێنمایی..هەموو ئەمانە ڕێگری لە خاوەنەکەی دەکەن کە بە غەیبەت و جنێودان و درۆکردن و شاهێدیدانی درۆ و جۆرەکانی ستەم و... هێرش بکاتە سەر خوشك و برا ئاینییەکانی، چونکە باوەڕەکەی ڕێگری لێ دەکات و لە هەموو جۆرەکانی ئازاردان دەیپارێزێت. پاشان دەفەرمووێت: ﴿ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ ﴾ ئەمەش فەرمان و پێداویستییەکی گەورەیەو چاکسازی ئوممەتی تێدایەو بەم هۆیەوە سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت و، هەر بەم هۆیەوە دەتوانێت بەسەر هۆکارەکانی تیاچون و سەرپێچی و خراپەکاریدا سەربکەوێت، باوەڕدارانی ئافرەت و پیاو فەرمان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە دەکەن، باوەڕدار ناتوانێت بێدەنگ بێت کاتێك لە براکەیدا خراپەیەك دەبینێت، پێویستە ڕێگری لێ بکات، وە کاتێك لە براکەیدا یان لە مامۆژن و خاڵۆژن و.. خراپەیەك دەبینێت ئەوە ڕێگرییان لێ دەکات، ئەگەر لە براو خوشکە ئاینیەکەیدا کەمتەرخەمی سەبارەت بە فەرزەکان بەدی کرد یان بینی کە ئینکاری دەکەن، فەرمانیان بە چاکە پێ دەکات و، هەموو ئەمانەش بە حیکمەت و نەرم و نیانی و شێوازێکی جوان بە کەسی مەبەست دەگەیەنێت.

باوەڕدار کاتێك برایەکی ئاینی دەبینێت کە تەممەڵی دەکات لە ئەنجامدانی نوێژەکانیدا، یان خەریکی غەیبەت و نەمیمە کردنەو، یاخود مادە هۆشبەرەکان دەخواتەوە، یان سەرپێچی فەرمانەکانی دایك و باوکی دەکات، یان پەیوەندی خزمایەتی دەپچڕێنێت، پێویستە لەم دۆخەدا بەشێوازو وتەی جوان ڕێنمایی بکرێت بە ئامانجی وازهێنان لەو کارە چەپەڵانە، ناکرێت بۆ دوورخستنەوەی کەسی بەرامبەر لەو کردارە خراپانە، ناو و ناتۆرەی بێزراو و شێوازێکی نەشیاو و توند بەکاربهێنێت، بەڵکو پێویستە بە نەرم ونیانییەوە بۆی ڕون بکاتەوە کە ئەم کردەوانەی ئەو ئەنجامیان دەدات دروست نین و لەگەڵ موسڵماندا ناگونجێن، وە کاتێك خراپەیەکیش لە خوشکە موسڵمانەکەیدا دەبینێت بە شێوازێکی جوان ڕێگری لێ بکات، وەك ئەوەی بیبینێت کە سەرپێچی دایك و باوکی دەکات و یاخود لەگەڵ هاوسەرەکەیدا خراپەو یاخود لە پەروەردەکردنی منداڵەکانیدا کەمتەرخەمی دەکات و یان لە ئەنجامدانی نوێژەکانیدا تەمبەڵی دەکات، لەسەری واجبە بەشێوازێکی جوان ڕێگری لێ بکات، ئیدی چونیەکە ئایا ئەو کەسە هاوسەری بێت یان خوشکی بێت یان .. نەك هەر لە کەسی نزیك تەنانەت ئەگەر بزانێت کەسانی دیکە هەن و لەو کردەوە خراپانە ئەنجام دەدەن پێویستە بە ئەرکی خۆی هەستێت.

---

[1] لە پێشەوە ئاماژە بە تەفسیرەکەی کراوە.

وە کاتێك ئافرەت لە هاوسەرەکەیدا شتێکی یاساغی بەدی کرد، وەك ئەوەی بینی کە شەراب و مادە هۆشبەرەکان دەخواتەوە یان تەممەڵی لە ئەنجامدانی نوێژەکانیدا دەکات و یاخود لە ماڵەوەو بەبێ ڕۆیشتن بۆ مزگەوت نوێژەکانی ئەنجام دەدات، بە قسەو گوفتاری جوان ڕێگری لێ دەکات، وەك ئەوەی پێی بڵێت: ئەی بەندەی خوا لە پەروەردگارت بترسەو بزانە ئەو چاودێریت دەکات و ئەمەی تۆ ئەنجامی دەدەیت دروست نیە، پارێزگاری لە نوێژەکانت بکەو بە کۆمەڵ ئەنجامیان بدە، دوور بکەوەرەوە لەو شتانەی پەروەردگار قەدەغەی کردوون لە هەموو جۆرەکانی مادەی هۆشبەرو مەی، یان لە تاشینی ڕیش و درێژکردنی سمێڵ و یان لە شۆڕبونەوەی جل و بەرگ. هەموو ئەوانەی باسمان کردن لە خراپەو تاوان و جگە لەمانەش لەسەر باوەڕدارانی پیاو و ئافرەت و چاکسازان پێویستە کە ڕێگرییان لێ بکەن، لەسەر هاوسەران و براو کەسانی نزیك و دراوسێ و دانیشتو لەو مەجلیسەداو جگە لەمانەش، پێویستە بەئەرکی خۆیان هەستن، پەروەردگار باسی سیفاتەکانی باوەڕدارانی ژن و پیاو دەکات و دەفەرموێت: ﴿يَأۡمُرُونَ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَيَنۡهَوۡنَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ﴾ واتە: {فەرمان بە چاکە دەکەن و ڕێگریش لە خراپە دەکەن..}.

هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: {إن الناس إذا رأوا المنكر فلم يغيروه أوشك أن يعمهم الله بعقابه}[1] . واتە: ئەگەر خەڵکی خراپەیەکیان بینی و نەیانگۆڕی، با بترسن لەوەی کە خوا هەموویان دوچاری سزا بکات.

هەروەها لە فەرمودەیەکی دیکەدا ﷺ دەفەرموێت: {من رأى منكم منكرا فليغيره بيده، فإن لم يستطع فبلسانه، فإن لم يستطع فبقلبه وذلك أضعف الايمان}[2]. ئەم یاسایە بەشێوەیەکی گشتی بۆ هەموو تاوانەکان بەهەمان شێوەیە، ئیدی چونیەکە ئایا ئەو تاوانە لەسەر ڕێگا ئەنجام بدرێت، یاخود لە ماڵەوەداو یان لە مزگەوت و ناو فرۆکەو شەمەندەفەرو ئۆتۆمبێلدا ئەنجام بدرێن، یان لە هەرشوێنێکی تردا ئەنجام بدرێن چونیەکە، فەرمان کردن بە چاکەو ڕێگری کردن لە خراپە ئەرکێکی گشتییەو پیاوان و ئافرەتان دەگرێتەوە، ئافرەت لەم بارەوە قسە دەکات و پیاویش بە هەمان شێوە فەرمان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە دەکات، چونکە ئەمە چاکسازی و ڕزگاربونی هەموانی تیادایە، دروست نیە لەم بارەوە بێ دەنگی هەڵبژێرین لەبەر خاتری هاوسەرو براو فلاّنە کەس، نابێت ئەوە لەیاد بکەین پێویستە بەشێوازو گوفتاری جوان ئەرکەکانمان ئەنجام بدەین، نەك پەنابردن بۆ توندوتیژی، پێویستە بۆ ئاڕاستەکردنی ئامۆژگاری کاتە گونجاوەکان هەڵبژێرین؟

چونکە هەندێك کەس هەن لەکاتێکدا ئامۆژگاری وەرناگرن بەڵام لەکاتێکی تردا بە ئاسانی وتەکانت لێ وەردەگرن و ئامۆژگاریەکانیشت جێبەجێ دەکەن و ئامادەکاری تەواویان تیادایە، بەدڵنیاییەوە باوەڕداران تێبینی ئینکاری کەسی مەبەست دەکەن و لەکاتی شیاوی خۆیدا ئامۆژگاری ئاڕاستە دەکەن و دوچاری نائومێدیش نابن ئەگەر ئامۆژگاریەکانیان لێ وەرنەگرێت، بەڵکو بەئومێدەوە لەوە دەڕوانن کە لە ڕۆژانی داهاتوو قسەکانیان لێ وەردەگرێت، چونکە باوەڕدارانی پیاو و ئافرەت هیچ کات نائومێد نابن، بەڵکو بەردەوام دەبن لە ڕێگری کردن لە قەدەغەکراوەکان و، لە فەرمان کردن بە چاکەو ئامۆژگاری کردنی بەندەکان لەبەر خاتری خوای پەروەردگارو، لەگەڵ گومانی باش بردنیان بەخوای گەورەو ئارەزووکردنی ئەوەی کە لەلای پەروەردگارە. دواتر خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَيُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤۡتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ﴾ باوەڕدارانی ژن و پیاو بە هەمان شێوەن، بەباشترین شێوە نوێژەکانیان ئەنجام دەدەن و پارێزگارییان لێ دەکەن و لە کاتەکانی خۆیاندا ئەنجامیان دەدەن، پیاوان بە کۆمەڵ لە مزگەوتەکاندا ئەنجامیان دەدەن، لەگەڵ بیستنی (حی على الصلاة، حي على الفلاح) دا لە هەموو فەرزەکاندا بەخێرایی دەست پێشخەری دەکەن و بەرەو مزگەوت دەڕۆن.

لەسەر باوەڕدار پێویستە هەست بە چاودێری پەروەردگار بکات و خۆی بپارێزێت لەوەی کە زۆربەی خەڵکی تێیکەوتوون "پەنا بەخوای گەورە" ئەویش ئەنجامدانی نوێژەکانیانە لە ماڵەوەو، دواکەوتنیانە لە نوێژی بەکۆمەڵ تا ئەو ئەندازەیەی کە دەچوێندرێن بە ئەهلی نیفاق لەبەر ئەنجامدانی نوێژەکانیان لە ماڵەوە، یان دواخستنی نوێژی بەیانی و ئەنجامدانی لەدوای خۆرکەوتن و لە کاتی بەڕێکەوتنی بۆ سەر کارەکەی، یان وازهێنانی یەکجارەکی لە ئەنجامدانی نوێژی بەیانی، ئەمەش بەڵاو کارەسات و تاوانێکی گەلێك گەورەیە، چونکە نوێژ کۆڵەکەی ئیسلامە، هەرکەس بیپارێزێت ئەوە پارێزگاری لە ئاینەکەی کردوە، هەرکەسیش پارێزگای لێ بکات ئەوە پارێزگاری لە ئاین کردوە، هەرکەسیش لەکیسی بدات ئەوە بەهۆیەوە کردەوەکانی دیکەشی لەکیس خۆی بردوە، هەرکەسیش واز لە نوێژکردن بهێنێت ئەوە دوچاری

---

[1] أخرجه أحمد (1)، وابن ماجة: كتاب الفتن، باب الامر بالمعروف والنهي عن المنكر، رقم(4005).

[2] سبق تخريجه. لە پێشەوە ئاماژە بە ماناکەی کراوە.

کوفرو بێباوەڕی بووە لەبەر ئەم فەرمودەیەی پێغەمبەری خوا ﷺ کە دەفەرموویێت: {العهد الذي بيننا وبينهم الصلاة فمن تركها فقد كفر} [1]. واتە: جیاوازی نێوان ئیمانداران و بێباوەڕان نوێژە، هەرکەسێك نوێژ نەکات ئەوە بێباوەڕە.

ئەمەش فەرمانێکی گشتییەو پیاوان و ئافرەتان دەگرێتەوە، هەروەها لە فەرمودەیەکی دیکەدا پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ دەفەرموویێت: {بين الرجل وبين الكفر والشرك ترك الصلاة} [2] واتە: لەنێوان پیاو و بێباوەڕی و شیرکدا وازهێنانە لە نوێژ کردن.

لەبەرئەوە بەهیچ شێوەیەك دروست نیە باوەڕدار لەم بارەوە تەممەڵی بکات، دروستیش نیە پیاو لەماڵەوە نوێژەکەی ئەنجام بدات، بەڵکو پێویستە بەرەو مزگەوت بڕوات و بەکۆمەڵ نوێژەکانی تیادا ئەنجام بدات، ئەمە یەکێکە لە ئەرکەکانی سەرشانی پیاوانی باوەڕدار،وەك پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموویێت: {من سمع النداء فلم يأته فلا صلاة له إلا من عذر} [3] واتە: ئەوەی گوێی لە دەنگی بانگ بوو و نەچوو بە دەمیەوە، ئەوە نوێژی بۆ نییە، مەگەر ئەوەی کە عوزرێکی شەرعی هەبێت.

جارێکیان پیاوێك هاتە خزمەتی پێغەمبەری خواو ﷺ گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ من پیاوێکی نابینام کەس نیە دەستم بگرێت و بمهێنێت بۆ مزگەوت، ئایا مۆڵەت هەیە لە ماڵەوە نوێژەکەم ئەنجام بدەم؟ پێغەمبەر ﷺ لە وەڵامدا فەرمووی: {هل تسمع النداء بالصلاة}؟

واتە: ((ئایا گوێت لە دەنگی بانگ هەیە))؟ پیاوەکەش لە وەڵامدا گوتی: بەڵێ گوێم لە بانگ دەبێت، پاشان پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموو: {فأ وجب} [4] واتە: ((لەسەرت پێویستە بێیت بۆ مزگەوت و نوێژەکانت بەکۆمەڵ ئەنجام بدەیت)). بەڵێ پێغەمبەری خوا ﷺ مۆڵەتی پێ نەدا لە ماڵەوە نوێژەکەی ئەنجام بدات، لەگەڵ ئەوەی کەسێکی نابیناش بو و کەسیش نەبوو دەستی بگرێت و بەرەو مزگەوتی بهێنێت، ئەی دەبێت ئەمە چۆن بێت سەبارەت بە کەسێك کە چاوەکانی هیچ گرفتێکیان نیە.

هەر لە پێغەمبەری خواوە ﷺ جێگیر بوە کە فەرموویەتی: {لقد هممت أن آمر بالصلاة فتقام، ثم آمر رجلا فيؤم الناس، ثم أنطلق برجال معهم حزم من حطب على رجال لا يشهدون الصلاة فأحرق عليهم بيوتهم} [5]. واتە: لە خولیامدا بوو فەرمان بکەم کە قامەت بکرێت بۆ نوێژو فەرمان بە پیاوێك بکەم نوێژەکەیان بۆ بکات، ئینجا خۆم لەگەڵ چەند پیاوێکدا دەرچم کە چەند باوەشێك داریان پێ بێت، بۆ سەر ئەو پیاوانەی نایەن بۆ نوێژ تا خانوەکانیان بەسەردا بسوتێنم. ئەمەش ئاماژەیە بۆ گەورەیی و گرنگی بابەتەکە.

لەم ڕوانگەوە لەسەرمان پێویستە گرنگی بدەین بە ئەنجامدانی نوێژەکانمان بەکۆمەڵ و لەمزگەوتداو، دەبێت لەو ڕوانگەوە ئاگاداری ئەوەبین نەبادا دوچاری تەممەڵی و خاوەخاو ببین، چونکە تەممەڵی خاوەخاویێ کردن لە سیفاتی ئەهلی نیفاقن "پەنا بەخوا دەگرین لە بارودۆخیان"، دەربارەی ئەمە پەروەردگار دەفەرموویێت: ﴿إِنَّ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ يُخَٰدِعُونَ ٱللَّهَ وَهُوَ خَٰدِعُهُمۡ وَإِذَا قَامُوٓاْ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ قَامُواْ كُسَالَىٰ يُرَآءُونَ ٱلنَّاسَ وَلَا يَذۡكُرُونَ ٱللَّهَ إِلَّا قَلِيلٗا﴾ [النساء: ١٤٢].

واتە:{بەڕاستی دوڕوەکان دەیانەوێت خوا بخەڵەتێنن، کەچی لەبەرامبەردا پەروەردگار خەڵەتێنەری ئەوانەو هەرکاتێکیش هەستن بۆ نوێژ بە تەممەڵی و سستی هەڵدەستن، وە ڕووپامایی بۆ خەڵکی دەکەن و، یادی خوا ناکەن کەمێك نەبێت}. لەسەر موسڵمانان بە ژن و پیاوەوە پێویستە کە گرنگی بەنوێژ بدەن چونکە کۆڵەکەی ئیسلامەو، پاش شایەتومان گەورەترین پایەی ئیسلامە، هەرکەس پارێزگاری لە نوێژەکانی بکات ئەوە پارێزگاری لە ئاین کردوە، هەرکەسیش لەکیسیان بدات ئەوە ئاینەکەی لەکیس داوە، لاحول ولا قوه الا بالله. هەروەها ملکەچی نواندن لەناو نوێژەکانمانداو پێش نەکەوتنی ئیمام، بەهەمان شێوە دەچێتە چوارچێوەی پارێزگاری کردنی نوێژەوە، پەروەردگار دەفەرموویێت:

﴿قَدۡ أَفۡلَحَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ١ ٱلَّذِينَ هُمۡ فِي صَلَاتِهِمۡ﴾ [المؤمنون: ١ - ٢]. [6].

---

(1) أخرجه أحمد (22428)، والترمذي: كتاب الايمان، باب ما جاء في ترك الصلاة، رقم (2621)، والنسائي: كتاب الصلاة، باب الحكم في تارك الصلاة، رقم (463)، وابن ماجة: كتاب اقامة الصلاة وسننها باب ما جاء فيمن ترك الصلاة، رقم (1079).

(2) أخرجه مسلم: كتاب الايمان، باب بيان اطلاق اسم الكفر على من ترك الصلاة، رقم (82).

(3) أخرجه ابن ماجة: كتاب المساجد والجماعات، باب التغليظ في التخلف عن الجماعة، رقم (793).

(4) أخرجه مسلم: كتاب المساجد ومواضع الصلاة، باب يجب إتيان المسجد على من سمع النداء، رقم (653).

(5) أخرجه البخاري: كتاب الخصومات، باب إخراج أهل المعاصي والخصوم من البيوت، رقم (2420)، ومسلم: كتاب المساجد ومواضع الصلاة، باب فضل صلاة الجماعة وبيان التشديد في التخلف، رقم (651).

(6) لە پێشەوە ئاماژە بە تەفسیرەکەی کراوە.

پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێت: {أسوأ الناس سرقة الذي يسرق صلاته!! قيل يا رسول الله كيف يسرق صلاته؟ قال: {لا يتم ركوعها ولا سجودها}[1]. واتە: خراپترین مرۆڤ ئەو کەسەیە دزی لەنوێژەکەیدا دەکات! هاوەڵان وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ چۆن دزی لەنوێژەکەی دەکات؟ فەرمووی: ناتەواوی هەیە لە چەمینەوەو کڕنووش بردنیدا.

کاتێکیش پێغەمبەری خوا ﷺ چاوی بە پیاوێك دەکەوێت کە نوێژەکەی بەخراپی ئەنجام دەدات و چەمینەوەو کڕنوش بردنەکانی تەواو نین، فەرمانی پێ دەکات کە نوێژەکەی دوبارە بکاتەوەو پێی دەفەرمووێت:

{ إذا قمت الى الصلاة فأسبغ الوضوء، ثم استقبل القبلة فكبر، ثم أقرأ ما تيسر معك من القرآن، ثم اركع حتى تطمئن راكعا، ثم ارفع حتى تعتدل قائما، ثم اسجد حتى تطمئن ساجدا، ثم ارفع حتى تطمئن جالسا، ثم اسجد حتى تطمئن ساجدا، ثم افعل ذلك في صلاتك كلها} [2].

واتە: هەرکاتێك هەستایت بۆ ئەنجامدانی نوێژ، دەستنوێژ بگرەو پاشان ڕووبکەرە قیبلەو تەکبیر بکە، پاش ئەوە چەندەت بۆ دەکرێت قورئان بخوێنە، دواتر ڕکوع ببەو بوەستەو لە جوڵە بکەوە، پاشان بەرز ببەرەوە تا ئەو کاتەی جەستەت ڕێك ڕادەوەستێت، پاش ئەوە کڕنوش ببەو بوەستەو لە جوڵە بکەوە، ئینجا بەرز ببەرەوە تا دادەنیشیت و لە جوڵە دەکەویت، پاشان کڕنوش ببەرەوەو بوەستەو لە جوڵە بکەوەو ئینجا لە هەموو نوێژەکەتدا بەم شێوەیە بکە.

زۆرێك لەخەڵکی هاوشێوەی دەنوکدان لە زەوی نوێژ دەکەن و ئەمەش تاوانێکی گەورەیە، چونکە هەرکەس بەو شێوازە نوێژ بکات نوێژەکەی بەتاڵ دەبێتەوە لەبەر ئەو فەرمودەیەی سەرەوە، پێویستە لە چەمینەوەو کڕنوش بردن و هەستانەوەی پاش کڕنوش و پشووی نێوان دووکڕنوشەکە هەست بە دڵنیایی و ئارامی بکەین و، دەبێت ئاگاداری ئەوە بین نەکەین لە نوێژی بە کۆمەڵدا پێش ئیمام بکەوین، پێویستە پێشی نەکەوین و کاتێك "الله اكبر" بکەین کە تەواو و بێ دەنگ دەبێت، واتە:کاتێك ئیمام "الله اكبر" دەکات و دەچەمێتەوە، نابێت ئێمە بچەمینەوە تا ئەو ساتەی کە دەچەمێتەوەو لە جوڵەو دەنگ دەکەوێت، ئەو کاتە دەبێت ئێمە بچەمینەوە، بەهەمان شێوە لە کڕنوش بردن و کردارەکانی دیکەی ناو نوێژدا نابێت بەهیچ شێوەیەك پێش ئیمام بکەوین یان لەگەڵیدا بین، وەك پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت: {إني إمامكم فلا تسبقوني بالركوع ولا بالسجود، ولا بالقيام ولا بالانصراف} [3]. واتە: من پێش نوێژتانم پێشم مەکەون لە چەمینەوەو لە کڕنوش بردندا، لە هەستانەوەو سەلام دانەوەشدا زیادە ڕەوی مەکەن و پێشم مەکەون.

هەروەها لە فەرمودەیەکی دیکەدا ﷺ دەفەرمووێت: {إنما جعل الامام ليؤتم به فلا تختلفوا عليه فإذا كبر فكبروا، ولا تكبروا حتى يكبر، وإذا ركع فاركعوا، ولا تركعوا حتى يركع، إذا قال: سمع الله لمن حمده فقولوا: ربنا ولك الحمد، وإذا سجد وا فاسجدوا ولا تسجدوا حتى يسجد}[4].

واتە: پێش نوێژ بۆ ئەوە دانراوە کە نوێژەکەی لە دوا دابەستن و جیاواز مەبن لەگەڵیدا، ئەگەر تەکبیری کرد ئێوەش تەکبیر بکەن، تەکبیر مەکەن تا ئەو تەکبیر دەکاتن، ئەگەر چووە ڕکوعەوە ئێوەش بچنە ڕکوعەوە، مەچنە ڕکوعەوە هەتا ئەو دەچێتە ڕکوعەوە، ئەگەر گوتی: سمع الله لمن حمده " خوا قسەی ئەو کەسەی بیست کە سوپاسی دەکات " ، ئێوەش بڵێن: ربنا ولك الحمد "خوایە سوپاس بۆ تۆ" ئەگەر کڕنوشی برد ئێوەش ببەن، کڕنوش مەبەن تا ئەو دەیبات.

"ئەمە شتێکی ڕون و ئاشکرایە بۆ کەسێك خوا سەرکەوتووی بکات و بەپێی فەرمودەکە بڕوات بەڕێوە" بەڵام هەندێك لە خەڵکی ئارام ناگرن و زۆر پەلە دەکەن و پێشبڕکێ لەگەڵ ئیمامدا دەکەن، پێویستە ئاگادارو خۆپارێز بین. یەکێکی تر لەوانەی کە هاوکارمانە بۆ پارێزگاری کردن لە نوێژی بەیانی و ئەنجامدانی لەکاتی خۆیداو بەکۆمەڵ لە مزگەوتدا، زوو نوستن و زوو لە خەو هەستانە، هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ خەوتنی پێش نوێژی عیشاو قسەکردنی دوای نوێژی عیشای پێ خۆش نەبوو.

---

[1] أخرجه أحمد (11138).

[2] أخرجه البخاري: كتاب الاستئذان، باب من رد فقال: عليك السلام، رقم(6251)، ومسلم: كتاب الصلاة، باب وجوب قراءة الفاتحة في كل ركعة، رقم(397).

[3] – أخرجه مسلم: كتاب الصلاة، باب تحريم سبق الامام بركوع أو سجود، رقم(426).

[4] أخرجه البخاري: كتاب الآذان، باب إنما جعل الامام ليؤتم به، رقم(689)، ومسلم: كتاب الصلاة، باب ائتمام المأموم بالامام، رقم (411).

پێویستە هەموو موسڵمانێکی پیاو و ئافرەت هەوڵ و کۆشش بکەن بۆ ئەوەی لە کاتی خۆیدا نوێژی بەیانی ئەنجام بدەن و باشتر وایە دوای نوێژی عیشا شەونخونی نەکەن؟ چونکە ئەمە هۆکارە بۆ ئەوەی لەکاتی نوێژی بەیانیدا بەئاگا نەیەنەوە بۆ نوێژەکانیان، هەروەك پێویستە کاتژمێر تەوقیت بکەن ئەمەش هاوکارییان دەکات لە بەئاگاهاتنەوەیان لەکاتی نوێژی بەیانیدا، هەروەها دەتوانرێت بۆ ئەمە هاوکاری لەنێوان ئەندامانی خێزاندا هەبێت و یەکتر بۆ ئەنجامدانی نوێژ هەستێنن، لەبەرئەوەی پەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿وَتَعَاوَنُوا۟ عَلَى ٱلْبِرِّ وَٱلتَّقْوَىٰ ۖ وَلَا تَعَاوَنُوا۟ عَلَى ٱلْإِثْمِ وَٱلْعُدْوَٰنِ﴾ [المائدة: 2]. [1]. هەروەها دەفەرمووێت: ﴿وَٱلْعَصْرِ ﴿١﴾ إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ لَفِى خُسْرٍ ﴿٢﴾ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَتَوَاصَوْا۟ بِٱلْحَقِّ وَتَوَاصَوْا۟ بِٱلصَّبْرِ﴾ [العصر: ١ – ٣]. [2].

پێویستە ئامۆژگاری یەکدی بکەین لەسەر پەیوەست بون بە هەق و ڕاستی و هاوکاری کردنی یەکتری لەسەر خێرو فەرمان کردن بە چاکەو ڕێگری کردن لە خراپە، پێش ئەوەی سزای خوایان بۆ بێت و کار لەکار بترازێت، هەروەك لە فەرمودەیەکی سەحیحدا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: {إن الناس إذا رأوا المنكر فلم يغيروه أوشك أن يعمهم الله بعقابه}[3]. هەروەها لە فەرمودەیەکی دیکەدا پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت: {الدين النصيحة، الدين النصيحة، الدين النصيحة}قيل: لمن يا رسول الله قال: {لله ولكتابه ولرسوله ولأئمة المسلمين وعامتهم}[4]. هەروەها "جەریری کوڕی عبدالله البجلي" دەفەرمووێت: ((بايعت النبي على إقام الصلاة وإيتاء الزكاة والنصح لكل مسلم))[5]. لەسەر هەموو موسڵمانێك پێویستە کاتێك گوێ بۆ شتێکی بەسود دەگرێت باشتر وایە بیگەیەنێتە خەڵکانی دیکەش، ئەمە بەهەمان شێوەیە بۆ ئافرەتانی موسڵمانیش بەوەی هەرشتێکی باش و چاکی بیست بیگەیەنێت بە کەسانی تریش، پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: { بلغوا عني ولو آية }[6]. واتە: لە منەوە ئاین بگەیەنن تەنانەت ئەگەر ئایەتێکیش بێت. هەروەها پێغەمبەر ﷺ ئەگەر وتاری بۆ خەڵك بدابایە دەیفەرموو: {ليبلغ الشاهد الغائب فرب مبلغ أوعى من السامع}[7].

واتە: با ئەوەی گوێی لە قسەکانی منە بیانگەیەنێت بەو کەسەی کە لێرە نیە، بەڕاستی لەوە دەچێت ئەو کەسەی دەیگەیەنێت خێری زۆرتری بگات لەوەی کە ئێستا گوێی لە قسەکانی منە. لە فەرمودەیەکی دیکەشدا پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت: {من سلك طريقا يلتمس فيه علما سهل الله به طريقا الى الجنة}[8]. واتە: ئەوەی ڕێیەك بۆ فێربونی زانست دەگرێتە بەر، ئەوە خوای گەورەش ڕێگەی ئەو کەسە بۆ گەیشتن بە بەهەشت ئاسان دەکات.

هەموو ئەو کەسانەش بەرەو مزگەوت دەچن یان بەرەو ئەو شوێنانەی کە مەجلیسی زانست و ئامۆژگارین و تیایدا زانست و شتی بەسود فێردەبن، ئەمانەش دەچنە چوارچێوەی فەرمودەکەوە، هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرمودەیەکی دیکەدا دەفەرمووێت: {من يرد الله به خيرا يفقهه في الدين}[9]. واتە: خوای گەورە ئەگەر خێرو چاکەی بۆ کەسێك بوێت، ئەوە لە ئاینەکەی خۆی شارەزای دەکات.

لە فەرمودەیەکی دیکەشدا دەفەرمووێت: {نضر الله امرءا سمع مقالتي فوعاها ثم أداها كما سمعها. فرب حامل فقه ليس بفقيه. ورب حامل فقه إلى من هو أفقه منه}[10]. هەروەها دەفەرمووێت: ((ما اجتمع قوم في بيت من بيوت الله يتلون كتاب الله ويتدارسونه بينهم إلا نزلت عليهم السكينة وغشيتهم الرحمة وحفتهم الملائكة وذكرهم الله فيمن عنده}[11].

---

(1) لە پێشەوە ئاماژە بە تەفسیرەکەی کراوە.

(2) لە پێشەوە ئاماژە بە تەفسیرەکەی کراوە.

(3) سبق تخريجه. لە پێشەوە ئاماژە بە ماناکەی کراوە.

(4) سبق تخريجه. لە پێشەوە ئاماژە بە ماناکەی کراوە.

(5) سبق تخريجه. لە پێشەوە ئاماژە بە ماناکەی کراوە.

(6) أخرجه البخاري: كتاب أحاديث الأنبياء. باب ما ذكر عن بني إسرائيل. رقم(3461).

(7) أخرجه البخاري: كتاب الحج. باب الخطبة أيام منى. رقم(1741).

(8) أخرجه مسلم: كتاب الذكر والدعاء والتوبة. باب فضل الاجتماع على تلاوة القرآن. رقم(2699).

(9) أخرجه البخاري: كتاب العلم. باب من يرد الله به خيرا يفقهه في الدين. رقم(71). ومسلم: كتاب الزكاة. باب النهي عن المسألة. رقم (1037).

(10) أخرجه أحمد (16296). وأبوداود: كتاب العلم. باب فضل نشر العلم رقم(3660). والترمذي: كتاب العلم. باب ما جاء في الحث على تبليغ السماع. رقم(2658). وابن ماجة: كتاب المقدمة. باب من بلغ علما. رقم(230).

(11) أخرجه مسلم: كتاب الذكر والدعاء والتوبة. باب فضل الاجتماع على تلاوة القرآن. رقم(2699).

واتە: هەر کۆمەڵە کەسێك لە ماڵێك لە ماڵەکانی خوادا کۆببنەوەو قورئان بخوێنن و دیراسەی بکەن، ئەوە خوا دڵ ئارامی و هێمنی و سۆزیان بەسەردا دادەبارێنێت و فریشتەکان لە دەوریان کۆدەبنەوەو لای خوا باسیان دەکەن.

ئەمە بەڵگەی دروستی و شەرعی بونی کێبەرکێیە بۆ بەشداری کردن لە کۆڕی زانست و زانیاریداو، گرنگی پێدانی و پێداگری کردن بۆ کۆبونەوەو خوێندنەوەی قورئان و دیراسە کردنی. لەوانەش گوێ گرتن بۆ بەرنامە ئاینییەکان و فەرمودەکان کە لە ڕادیۆی قورئانی پیرۆزەوە بەخش دەکرێن، بێگومان کەسانی ناسراو و خاوەن زانست و عەقیدە خاوێن و ڕێ ڕۆشن کەرەوە سەرپەرشتی بەرنامەکان دەکەن، ئاشکراشە خوای گەورە مرۆڤ و پەری بۆ پەرستنی خۆی دروست کردوە، پەرستنیش پێویستی بە عیلم و زانین هەیەو، مرۆڤیش شارەزای ئەو عیبادەتانە نابێت کە لەسەری پێویست کراون، مەگەر بە فێربون و شارەزابون لە ئاینەکەی نەبێت، وەك قورئان دەفەرموێت: ﴿ وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴾ [الذاريات: ٥٦]. [1]. پەرستن چییە کە پێویستە مرۆڤ فێری ببێت و خۆی تیایدا شارەزا بکات؟ پەرستن "عیبادەت": بریتییە لە هەموو ئەو شتانەی کە پەروەردگار دایڕشتون و حەز دەکات بەندەکانی جێبەجێیان بکەن لە نوێژو ڕۆژو و زەکات و جگە لەمانەش. پاش ئەوە پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ ﴾ [التوبة: ٧١].

زەکاتیش: بریتییە لە هەقی ماڵ و دارایی و سەروەت و سامان، لەسەر موسڵمان پێویستە زەکاتی سەروەت و سامانەکەی دەربکات و بیگەیەنێتە دەست ئەو کەسانەی هەژارن و پێویستیان پێی هەیە، دەبێت ئەمەش بەدڵسۆزییەوە ئەنجام بدات بە تەمای پاداشت بێت و لە سزای پەروەردگاریش بترسێت، لە قورئانی پیرۆزدا بەجوانی باسی ئەو کەسانە کراوە کە شیاوی ئەوەن زەکاتیان پێ بدرێت: ﴿ إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَرَاءِ وَالْمَسَاكِينِ ﴾ [التوبة: ٦٠]. دواتر پەروەردگار دەفەرموێت:﴿ وَيُطِيعُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ ﴾ [التوبة: ٧١]. ڕاستەوخۆ پاش باسکردنی نوێژو زەکات و برایەتی نێوان باوەڕداران و فەرمان کردن بە چاکەو ڕێگری کردن لە خراپە دەفەرموێت: ﴿ وَيُطِيعُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ ﴾ [التوبة: ٧١]. بەواتای ئەوەی پێویستە لە هەموو شتێکدا گوێ ڕایەڵی خواو پێغەمبەر ﷺ بن، وە دەبێت لە فەرمان کردن بە چاکەو ڕێگری کردن لە خراپەو نوێژکردن و زەکات و.. فەرمانەکانیان جێبەجێ بکەین، ئەمە بۆ پیاوان و ئافرەتانی باوەڕدار چونیەکەو پێویستە هەردوو ڕەگەز لە هەموو شتێکدا فەرمانبەرداری خواو پێغەمبەر ﷺ بن و بێگومان بەجێبەجێکردنی ئەمانە نەبێت ئاینی هیچ کەس کامڵ و تەواو نابێت.

پاشان دەفەرموێت: ﴿ أُولَٰئِكَ سَيَرْحَمُهُمُ اللَّهُ ۗ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ ﴾ [التوبة: ٧١]. ، لێرەدا پەروەردگار ئەو ڕاستەقینەیە ڕون دەکاتەوە بەوەی ئەوانەی لەسەر ئاینی پەروەردگار دامەزراون و مافەکانی خوا دەدەن و گوێ ڕایەڵی فەرمانەکانی خواو پێغەمبەر ﷺ دەبن، ئا ئەوانەن شیاوی ڕەحمی خوان لە دونیاو دوارۆژدا ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ فەرمانبەرداری خوای گەورەو، جێبەجێکردنی مافەکانی پەروەردگار، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەو کەسانەی بێ ئاگاو غافڵن و پشتیان لە فەرمانەکانی خواو پێغەمبەر ﷺ کردوەو خۆیان دوچاری سزاو تورەیی پەروەردگار دەکەن، بەدڵنیاییەوە ڕەحمەتی پەروەردگار پەیوەستە بە کردەوەی چاك و گوێ ڕایەڵی خواو جێبەجێکردنی فەرمانەکانی،بەپێچەوانەوە هەرکەسێك پشت لەفەرمانەکانی پەروەردگار بکات و شوێن شەیتان و هەواو ئارەزوەکانی بکەوێت ئەوە لە ڕۆژی دواییدا دەچێتە ئاگرەوە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ فَأَمَّا مَن طَغَىٰ ﴿٣٧﴾ وَآثَرَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا ﴿٣٨﴾ فَإِنَّ الْجَحِيمَ هِيَ الْمَأْوَىٰ ﴿٣٩﴾ وَأَمَّا مَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِ وَنَهَى النَّفْسَ عَنِ الْهَوَىٰ ﴿٤٠﴾ فَإِنَّ الْجَنَّةَ هِيَ الْمَأْوَىٰ ﴾ [النازعات: ٣٧ – ٤١]. واتە: { "لەو ڕۆژەدا چاکەو خراپە بەپێی کردەوە دابەش دەکرێت" ئینجا ئەو کەسەی سەرکەش بووبێت. ژیانی دونیای هەڵبژاردبێت. ئەوە بێگومان دۆزەخ جێگایەتی. وە ئەو کەسەی ترسابێت لە هەڵوێستگەی بەردەم پەروەردگاری و بەرگری لە نەفسی خۆی کردبێت لە ئارەزووی خراپە. ئەوە بێگومان بەهەشت جێگایەتی}.

داوا لە خوا دەکەم بۆ خاتری ناو و سیفەتە بەرزو جوانەکانی هەموان سەرکەوتوو بکات بۆ فێربونی زانستی بەسودو کردەوەی چاك و، دڵ و کردەوەکانی هەموان ساڵح بکات، هەروەها ئامۆژگاری لەسەر هەق و ئارامگری و هاوکاری کردن لەسەر چاکەو تەقواو کاریگەری دوارۆژ بەسەر ژیانی دونیاوە بە هەموان ببەخشێت، هەروەك بە تەنگەوە هاتنمان هەبێت لەسەر نیەت پاکی و دڵسافی لە کارو کردەوەداو پەرۆشی سودی موسڵمانانیش بین ئیدی لە هەر شوێنێك بن، داوا لە پەروەردگاریش دەکەین ئاینەکەی سەربخات و هەموو موسڵمانان و کاربەدەستەکانیان سەرکەوتوو بکات و دڵ و کردەوەکانیشیان چاك بکات و شارەزایان بکات لە ئاین و سنگیان فراوان بکات بۆ باڵادەستی ئاینەکەیی و حوکم کردنی لەسەر زەویداو، دامەزراوبونیان لەسەری، وە پەنای پێ دەگرین ئێمەو ئێوەو سەرجەمی موسڵمانان لە هەموو شوێنێکدا لە گومڕابون و

---

[1] لە پێشەوە ئاماژە بە تەفسیرەکەی کراوە.

میحنەت و ئاژاوە بپارێزێت و، دوژمنانی ئیسلام زەلیل بکات و، هەموو ئەو برا موجاهیدانەمان سەربخات کە لە پێناوی خوێدا تێدەکۆشن ئیدی لە هەر شوێنێکدا بن، خوای پشتیوان و بەتوانایە.

وصلى الله على نبينا محمد وآله وصحبه.

سەرچاوە: مجموع الفتاوى ومقالات متنوعة (4 /39-57). وأصلها محاضرة لسماحة الشيخ.

IslamHouse.com